## ئەیوب عەلی:

# پێموانییە ئەندازیاری بەشێک نەبێت لەهونەر



***هونەرمەندی لاو خاوەن ستایل و شێوازێکی تایبەتە لە گۆرانی گوتندا کە پێی ناســراوە و زۆریش لەمجۆرە ســتایلەیدا ســەرکەوتوو بووە، هەرچەندە خەڵکی شاری هەولێر نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەولێر قوتابــی کۆلێژی ئەندازیاری بوو، بۆیە ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە و هەر لەوێش ســەرەتاکانی هاتنە نێو جیهانی هونەریی دەســتپێکرد و ئاشــنایی لەگەڵ چەند هونەرمەندێــك پەیدا کرد کە هاوکار بوو بۆ ئەوەی زیاتر بێتە ناو جیهانی هونەر، هەر لەکارە ســەرەتاییەکانیدا توانی سەرکەوتوو بێت و ببێتە یەکێك لەو هونەرمەندانەی کە جەماوەر تەقەبولی گۆرانییەکانــی بکەن، بۆیە چەند بەرهەمێکی بڵاو کردەوە کە ئێســتاش گۆرانییەکانی زیندوون، ئێســتاش دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمی مۆم لەخۆ ئامادەکردندایە بۆ بڵاوکردنــەوەی بەرهەمێکی نوێ، هونەرمەند ئەیوب عەلی لە دەرفەتێکدا بەم شــێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.***

*** لەرۆژانــی ئاســاییت چەند کاتژمێر لەکاتــی خــۆت بــۆ هونــەر تەرخان دەکەیت؟**

-هەموو ڕۆژەکان بۆ کات بەســەر بردن و بەرپرســیارێتی جیــاوازن. هەر ڕۆژەو بەشتێک خەریکم، بەڵام هیچیان لەکاری هونــەری بەدەر نین، چونکــە هونەر بە بەردەوامی لە ڕۆحمدا دەژیت.

***جگە لە گۆرانی و مۆسیقا بە چیترەوە خەریکی؟**

ساڵانێکی زۆری پێشوو لە فەرمانگەیەکی پەنابــەری کارم دەکــرد بــۆ خزمەتی پەنابەران، بەڵام لە ئێستادا تەنیا سەرقاڵی کاری هونەریم.

※ تــۆ ئەندازیاری لە هەمان کاتیشــدا گۆرانیبێژی، ئایــا هیچیانت بەقوربانی ئەویتر نەکردووە؟

-لە کۆلیژی ئەندازیاریەوە من ئاشــنای جیهانی مۆســیقا و گۆرانی بووم، هەر لەوێشــەوە دۆســتایەتم لەگەڵ چەندین هونەرمەند دروســت کرد، بــەڵام دیارە مۆسیقا و گۆرانی بەشێک بووە لە ڕۆحم، بۆیە توانی خۆی بسەپێنێتە سەر دنیای ئەندازیاری، بــەلام پێموانیە ئەندازیاری بەشێک نەبێت لەهونەر.

*** بۆچــی دوای بەرهەمــی مۆم بێ دەنگ بووی؟**

- خۆم زۆر حــەز بە دەرکەوتن ناکەم لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا. پێموایە کاری من زیاتر خزمەتکردنە نەک دەرکەوتن! دوای بەرهەمی مۆم زۆر ســەرقاڵی بەرهەمی نوێم، تاوەکو ئێســتا هەمیشە تواناکانی خۆم بــۆ بەرهەمێکی نوێ کۆکردۆتەوە کە لەداهاتوویەکــی زوودا ونبونی خۆم بەچەند بەرهەمێکی نوێ دەردەخەم.

*** حەزدەکەین بە ڕاشکاوی بیروبۆچۆنی خۆتمان بۆ دەربڕی دەربارەی ڕاگەیاندنی کــوردی و خزمەتکردنی بــە هونەری کــوردی بەتایبەتــی ئێســتا چەندین**

**رۆژنامەو گۆڤاری هونەری دەردەچن؟**

-پێموایـــە زۆربـــوون و بەرفراوانبوونـــی راگەیاندنی کوردی شـــتێکی باشـــە و هێمای دیموکراســـی ئەو وڵاتە نیشـــان دەدات. بـــەڵام بەداخـــەوە ئەوانـــەی لە خزمەتی هونەری کوردین لە پەنچەکانی دەست دەرناچن. بە هیوام کارەکان لەسەر ئاستی چۆنیەتی بن نەک چەندایەتی.

*** هەمیشـــە هونەرمەندان داوادەکەن کە کۆپی کردن و پێشێلکردنی مافەکانیان بووەستێت. پێتوایە ئەم بارودۆخە تاکەی بـــەردەوام دەبێـــت؟ پێتوایە چارەســـەری بنەڕەتـــی تەنیـــا بە بڕیـــاری پەرلەمان دەبێت؟**

- پێموانییـــە ئەوە یەکەمجـــار بێت ئەم پرسیارەم ئاراستە بکرێت و منیش چەندین جار وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانەم داوەتەوە. کۆپیکردن و مافی هونەرمەندان کارێك نییـــە تەنیا بەرپرســـیارێتی حکومەت و پەرلەمان بێت، بەڵکو ئەوە بەرپرسیارێتی خەڵکیشـــە. دەبێت ئاستی بەرپرسیارێتی خەڵـــک بگاتـــە ئەو ڕێژەیـــە کە بەبێ هیچ بڕیارێکـــی پەرلەمان و حکومەت خۆیان پاڵپشـــت و هاندەری هونەرمەندان بن. ئـــەوە خەونێکی منە کـــە میللەت و هونەردۆســـتانی ئێمە بگەنە ئاســـتی خەڵکانی بەرپرس وەک وڵاتانی دنیا.

***زۆر لە هونەرمەندانی بێگانە لەرێگەی کۆمپانیـــا بازرگانییەکانـــەوە دێنـــە کوردســـتان و ئاهەنگ ســـاز دەکەن و ئەو جەماوەرەی ئامـــادەی ئاهەنگەکان دەبن زۆربەی کوردنین. پێتوایە سەردانی هونەرمەندای تورک و فارس و عەرەب چی دەبێت لەسەر هونەر و هونەرمەندانی کورد؟**

- پێموایە دیاردەی هاتنی هونەرمەندانی بێگانـــە بـــۆ کوردســـتان کارێکی زۆر ئاســـاییە. بەڵام لەهەمان کاتیشـــدا ئەو جیاوازیـــە زۆر بەروونـــی دەبینم لەنێوان جەماوەری خۆمـــان و جەماوەری بێگانە لەرووی کڕینـــی بەرهەم و ئامادەبوونیان لـــە کۆنســـێرتەکانتاندا. پێموانیە هیچ زیانێکیـــان هەبێـــت لەســـەر تاموجێژی بیستنی کورد. خەڵک ئازادە حەز بەچی دەکات و چی ڕەت دەکاتەوە.

*** ئایا چیرۆکـــی گۆرانیەکانی ئەیوب عەلی رەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی؟**

- زۆربەیـــان لەناخی خۆمەوە هەڵدەقوڵێن و هەندێکیشـــیان رەنگدانەوەی عاشقانی کوردە.

*** بیـــرت لـــەوە نەکردۆتەوە گۆرانیـــەک بـــە دوێت لەگـــەڵ خانمـــە گۆرانیبێژێکی کورد بڵێیت؟**

- بەڵێ زۆر بیرم لەوە کردۆتەوە، بەڵام پێموانیە ئەوە کارێکی وا ئاسان بێت. هە میشـــە حەزم بەمکارە کردووە، بەڵام پێموایـــە هەموو شـــتێک کاتی خۆی هەیە.

***موژدەی چیت هەیە بە عاشـــقان و بیســـەرانی خۆت بگەیەنیت؟**

-ئەلبومێکی نوێم لەبەر دەســـتە کـــە لەماوەیەکـــی زۆر نزیـــک دەگاتە بەر دەست و گوێی هەوادارانم کە زۆربەی هۆنراوەو ئاوازەکانی هی خۆمن، پێموایە ئەوجارە وەڵامی خواست و داواکاری گوێگرە خۆشەویستەکانم دێنمە دی، کە هەمیشە داوام لێدەکان کە کار لەسەر ئاواز و تێکستی خۆم بکەم.



## حەمەی نێرگز:

# تا لە ژیاندا مابم رازی نابم کەس گۆرانییەکانم بڵێتەوە



هونەرمەند لەئاواتی دووری گۆرانەوە گوێی گوێگری پڕکرد لە گۆرانی: ئەی چاوا چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەڕت، کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دولبەرت؟ توانی بۆ ئەو سەردەم جۆرێك لە داهێنان بکات. ئەم هونەرمەندە لەسەنگەری رەسەنایەتی هونەریی کوردیدا بەچەندین بەرهەمی ناوازەی وەك (خەم و باخی بێبەرهەم و ئاواتی دووری) و چەندین گۆرانی تر تا ئێستاش دەنگە بەسۆزەکەی لە گوێماندایەو چەند بەرهەمێکی تۆمارنەکراویشی بەهۆی قورسی نەخۆشیەکەیەوە وەك دیلی قەفەس ماوەتەوە و تۆمارنەکراوە. حەمەی نێرگز لەدایکبووی شاری سلێمانییەو تائێستاش هەر لەو شارە ژیان بەسەر دەبات و ماوەی دوو ساڵە بەهۆی قورسی نەخۆشیەکەیەوە نەیتوانیەوە بەردەوامی بە گۆرانییەکانی بدات، گۆڤاری گوڵان بەپێویستی زانی سەردانی هونەرمەند بکات و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکات.

### سەرەتای کاری هونەری

مامۆستا حەمەی نێرگز دەستپێکی کاری هونەریی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی پەنجاکان. دەڵێت "هەر ئەوکات کە دەستم کردووە بەکاری هونەری و هەر لەو کاتەوە تا ئەوکاتەی تەندروستیم باش بوو و توانام هەبوو، بەردەوام بووم لە گۆرانی گوتن، بەڵام کۆمەڵێك لە بەرهەمەکانم ون بوون لەجەنگی ئازادکردنی عێراقەوە، ئەوکات ئێزگەی بەغداد تاڵانکرا. بۆخۆشم توانای ئەوەم نەماوە دووبارە تۆماریان بکەمەوە، گۆرانیەکانم ناسراون لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. ئەمەش لەبەر ئەوەی لە بەرنامەی خۆمدا دامنابوو کە پەلە نەکەم لە زۆری بەرهەمەکانم، چونکە کاری زۆر و بۆرم پێخۆش نییە. ئەو گۆرانیانەی کە تۆمارم کردوون زۆریان لێ رازیم و کار و ماندووبوونی زۆرم بۆ چەشتوون، چونکە نەمویستووە بەرهەمەکانم دوای چەند مانگێك بێتام ببن و گوێگریان نەمێنێت، بەڵکو ویستوومە بۆ هەمیشە گۆرانییەکانم بمێنێتەوە. نەك وەك ئەم گۆرانیانەی کە ئێستا باوە و دوای ماوەیەك چێژی گوێگرتنی نامێنێت و کۆچ دەکەن. بۆیە ژمارەی گۆرانییە تۆمارکراوەکانم لە پەنجەی دەست تێناپەڕێت".

دەربارە تێکستەکانی گۆرانییەکانیشی دەڵێ "لە شاعیران( گۆران _ محەمەد رەسوڵ هاوار_ دڵشاد مەریوان....تاد)م وەرگرتووە و ئاوازم بۆیان دروست کردووە، وردەکاریم کردووە بۆ هەڵبژاردنی تێکست ئەو تێکستانەم هەڵبژاردووە کە لەناخ و دەروونی کۆمەڵگەکەمەوە نزیك بووە، بۆیە تا ئێستاش زیندوون و چێژی گوێگرتنیان هەیە".

### دواهەمین بەرهەم و خەڵاتی رێزلێنان

دەربارەی دواهەمین بەرهەمی هونەری خۆیشی هونەرمەند حەمەی نێرگز دەڵێ "لە ساڵی 2002 لەگەڵ تیپی سەهەند دواهەمین بەرهەم و گۆرانیم تۆمار کرد بەناوی (باخی بێبەرهەم) سەرەڕای ئەمەش بەرهەمی ترم ئامادەکرد بەناوی (شەوگار) لە شیعر و ئاوازی خۆم و مامۆستا دلێر حوسێن موزیکەکەی ئامادە کرد، بەڵام نەمتوانی بەهۆی نەخۆشییەکەمەوە تۆماری بکەم، بەهۆی ئەوەی گۆرانی وتن پێویستییەکی زۆری بە ماددە هەیە، منیش ئەوەم نەبووە. وەك دیارە ئێستا گۆرانی وتن بووە بە بازرگانی، بۆیە لەمانا جوانەکەی خۆی چووەتە دەرێ".

سەبارەت بە خەڵاتی رێزلێنانیش کە پێشکەشیان کراوە دەڵێ "خەڵاتی رێزلێنانی (شەقامی شاری سلێمانی) بۆمن مایەی خۆشحاڵییەکی زۆر بوو کە ئەو خەڵاتەم پێبەخشرا لەلایەن هەندێك لە هونەرمەندانی برادەرو خاتوو هێرۆ ئیبراهیمەوە. دواتریش وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم مەدالیای رێزلێنانیان پێبەخشیم، ئەمەش نیشانەی دڵسۆزییە بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە رۆژێك لەرۆژان بە هونەرەکەیانەوە خزمەتێکیان پێشکەش بە میللەتی خۆیان کردووە".

### بۆچی رازی نییە کەس گۆرانییەکانی بڵێتەوە

ئێستا هەندێك لە هونەرمەندە لاوەکان بەر لەوەی هیچ گۆرانییەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت، دەست دەکەن بە گوتنەوە و نوێکردنەوەی گۆرانی هونەرمەندەکانی تر، جا لە ژیان مابن یان کۆچی دواییان کردبێت، لەم بارەیەوە هونەرمەند حەمەی نێرگز دەڵێ "هەست بە فەخر و شانازی دەکەم ئەگەر گۆرانیبێژێك بتوانێت گۆرانیەکانی من وەك خۆی بڵێتەوە، بەڵام گۆرانیەکانم وشەی زۆر قورسی تێدایە و زۆر کەس ناتوانێت بیڵێتەوە. ماوەیەك بەر لەئێستا کەسێك لەهەولێر تەلەفۆنی بۆکردم و وتی: مامۆستا گۆرانیەکت هەیە دەمەوێت دەستکاری ئاوازەکەی بکەم و بیڵێمەوە، نەمهێشت و رازی نەبووم. وتم بۆ نارۆیت تۆش وەك من خۆت ماندو بکەیت و گۆرانییەکی باش دابنێیت خۆت بیبت بەخاوەنی. بۆیە دەڵێم تا لە ژیاندام رازی نابم هیچ کەسێك گۆرانیەکانم بڵێتەوە. ئەوانە هاتوونەتە سەر پارووی ئامادە، ئێمە دنیایەك مەینەتیمان چەشتووە بەو گۆرانیانەوە تا هاتووەتە بەرهەم".

دەربارەی ئەو گەنجانەی ئێستا گۆرانی دەڵێن هونەرمەندی گەورە حەمەی نێرگز دەڵێ "هونەرمەندە تازەکان زۆر پەلە دەکەن لەگۆرانی وتن، پێیانخۆشە بەزۆریی ژمارەی گۆرانیەکانیان ناوبانگ دەربکەن، نەك بە گۆرانییەکی جوان. ئاوازی وایان هێناوە مەگەر تەنیا خۆیان بزانن لەکوێوە ئەم ئاوازەیان وەرگرتوە، دەستیان لە رەسەنایەتی گۆرانی کوردی داوە، ئەمانە ئیش بە رەسەنایەتی ناکەن. چەندین قوتابخانەی باشی وەك(رەفیق چالاك و ماملێ و حەمە ساڵح دیلان) ئەمانە و چەندانی تر دەتوانین سوود لەئیشە باشەکانیان وەربگرین. بیربکەنەوە کە بۆچی ئەم گۆرانیانە تا ئێستاش زیندوون، ئەمە رەسەنایەتی هونەری کوردیە بۆیە قەت لەناو ناچن.

ئەم گۆرانیانەی کە ئاوا دێتە بەرهەم، زوو لەناو دەچن و هیچ چێژ و خۆشییەك بە گوێگر نادەن. تەنیا رووخساری گۆرانیەکیان پێ گرنگە. بۆنموونە چەند ئافرەتێك دێنن سەمایان لەگەڵ بکەن. بەمەش ئافرەتیان ناشیرین کردووە کە ئافرەت بۆخۆی موقەدەسترین بوونەوەرە لەسەر زەویدا. لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەیە زانیویانە لەگۆرانی و ئاوازە تازەکانیان سەرکەوتوو نەبوونە هاتوون دەستیان داوە لە گۆرانیە مەزنەکانی کورد وەك(عەلی مەردان و مامڵێ) چەندین کەڵە هونەرمەندی تر کە نابێت لەخۆوە دەستیان لێبدرێت، ئەم گۆرانیانە زیندوون قەت نامرن، ئیتر چۆن بە بەهانەی تازەکردنەوە دێن ناوی خۆتانی پێدەناسێنن".

### هەڵبژاردنی هونەر و کۆچی حەمە جەزا

دەربارەی ئەوەی بۆچی گۆرانی گوتنی هەڵبژارد و چۆن ژیانی هاوسەریتی هەڵبژارد هونەرمەند حەمەی نێرگز دەڵێ "من و چەندین لە هاورێ هونەرمەندەکانم گۆرانی کوردیمان وەك سەنگەرێك هەڵبژاردبوو، پێشمەرگە سەنگەری شەرەفی میللەتەکەی هەڵبژاردوە و خوێنی داوە، ئێمەش لەسەنگەری هونەری رەسەنی میللەتەکەمان بووین تا گۆرانیەکمان تۆمار کردووە. لەرێگەی هونەرەوە توانیم پێشمەرگایەتیەکی نەبەردانە بکەم.

ژیانی هاوسەریم وەك هەموو کەسێکی تر باوکم دایکم ژنیان بۆ هێناوم، نە من ئەوم بینیبوو نەئەویش منی دیبوو، بەڵام خۆش بەخت بووین لەژیانda و دوو کچ و سێ کورمان هەیە، بەڵام کەسیان نەیاتوانی هونەر هەڵبژێرن، ئەگەر بشبوونایە بە هونەرمەند، یارمەتیم دەدان و پشتگیریم لێدەکردن".

لە کۆتاییشدا بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند حەمە جەزا دەڵێ "کۆچی حەمە جەزا زیاتر نەخۆشیەکەی بۆ قورس کردم، چونکە حەمە جەزا کۆڵەکەیەکی گەورەی هونەری رەسەن بوو بۆ میللەتەکەمان. هونەرمەندێك بوو پێویستە هەموو تاکێکی کورد شانازی پێوە بکات، منیش یەکێکم لەو تاکانە کە شانازی پێوە دەکەم".

ئا: ژینۆ عەلی

# تامر حوسنی وتەبێژەک



چەند رۆژێك دەبێت لەدەزگا راگەیاندنەكاندا وا باس دەكرێت كە هونەرمەندی میسری تامر حوسنی بڕی 80 ملیۆن جونەیهی میسری وەردەگرێت بەرامبەر بینینی رۆلی پاڵەوانیەتی لە زنجیرە درامایەكدا بۆ ئەوەی لە رەمەزانی داهاتوو پێشكەش بكرێت، ئەمە بووە جێگەی سەرنج لەبەر ئەوەی تا ئێستا كەس ئەو بڕە پارەیەی وەرنەگرتووە تەنانەت ئەستێرەی ناودار عادل ئیمام. دوای ئەمە تامر ئەو هەواڵەی رەتكردەوە كە وتەبێژەكەی بڵاوی كردبووەوە. ئەمەش بووە مایەی توڕەبوونی وتەبێژی تامر و بۆ دەزگاكانی راگەیاندن ئاشكرای كرد كە تامر حوسنی خۆی نامەی بۆ ناردووە و داوای لێكردووە ئەو هەواڵە بڵاو بكاتەوە، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی كێشە لەنێوانیان دوای ئەوەی تامر قسەكانی بە درۆ خستەوە و وتی ئەو ئاگای لەو هەواڵە نییە و بەبێ ئاگاداری ئەو بڵاوكراوەتەوە.

# بۆچی نانسی هیچ ناوێكی ب



**نانسی عەجرەم ئەو نهێنیەی ئاشكرا كرد كە بۆچی بەپێچەوانەی سەرجەم ئەلبومەكانی تری هیچ ناوێكی دانەناوە بۆ ئەلبومەكەی، نانسی وتی سەرجەم گۆرانیەكان لەئاستێكی زۆر بەرزدا بوون و نەمتوانی باشترینیان هەڵبژێرم بۆ ناونیشانی ئەلبومەكە. هەروەها نانسی وتی بەنیازم لەكلیپەكانی داهاتوودا كەمتر مكیاژ بكەم و سوود لەجوانی سرووشتی خۆم وەربگرم.**

# مینكا كیلی سەرنجڕاكێشترین ئافرەتی ٢٠١٠



گۆڤاری (mens)ی ئەمریكی كچە ئەكتەر مینكا كیلی هەڵبژارد وەك سەرنجڕاكێشترین ئافرەت بۆ ساڵی 2010.

بەم بۆنەیەوە گۆڤاری ناوبراو دیمانەیەكی لەگەڵ مینكا ئەنجامداوە و تێیدا باسی ئەوە دەكات چۆن لەسەرەتاوە پەرستار بووە، ئینجا رووی لەبواری نواندن كردووە و بووە بە یەكێك لە ئەستێرەكانی بواری نواندن، هەروەها باس لەو كاتانە دەكات كە زۆر سەخت بوون لە ژیانیدا بەتایبەتی كە لەگەڵ دایكی لە یەكێك لەیانەكانی شەوانە بەیەكەوە كاریان دەكرد.

شایەنی گوتنە گۆڤاری ناوبراو پێشتر هەمان نازناوی پێشكەش بە هەر یەكە لە هالی بیری و سكارلیت جۆهانسۆن و چارلیز تیرۆن كردووە.

# سامو زین: ئامادەم واز لەگۆرانی وتن بهێنم



دوای ئەوەی ماوەیەك پێش ئێستا ئەلبومێكی نوێی بڵاوكردەوە و یەكێك لەگۆرانیەكانی كلیپ كرد، رەخنەیەكی زۆر ئاراستەی هونەرمەندی سوری سامو زین كرا بەوەی كلیپەكەی لەگەڵ كۆمەڵگەی عەرەبی ناگونجێت. سامو زین خۆی دەرهێنەری كلیپەكە بوو، لەلای خۆیەوە سامو رایگەیاند كە ئەو رەخنانەی ئاراستەی كراون بە ناخۆشترین كات دادەندرێت لەمێژووی ژیانی هونەری خۆیدا و چاوەڕوانی نەدەكرد بەو شێوەیە رەخنەی ئاراستە بكرێت. هەروەها وتی ئامادەم واز لە گۆرانی وتن بهێنم كاتێك بەو شێوەیە باسی كلیپەكەم دەكرێت، هەرچەندە وای دەبینم كە بەو شێوەیە نییە ئەوەندە رەخنەی ئاراستە بكرێت و هەر كارێكی نوێ سەرەتا دژایەتی دەكرێت.

## ـەی بە درۆ دەخاتەوە



## ـۆ ئەلبومەکەی دیاری نەکرد






www.gulan-media.com/art

بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com

# لۆرین بەرزنجی: سەما کردن لەگەڵ

**وەك زۆر لـــە هونەرمەندانـــی رۆژئـــاوای کوردســـتان لۆریـــن بەرزنجی هەوڵیداوە دەنگی کپ کراوی هونەرمەندانی ئەو پارچە داگیر کـــراوە بگەیەنێتە جیهان و ژیانـــی جگەرخوێـــن و محەمەد شـــێخۆ و چەندیـــن هونەرمەند و شـــاعیری دیکە زیندوو بکاتەوە و بهێنێتە زمان، هەرچەندە ئێســـتا لە ســـەرەتای کاروانی هونەری و تەنانەت کاروانی ژیانیشە، بەڵام بەو بەرهەم کەمانەی تا ئێســـتا پێشکەشـــی کـــردوون، ئـــەوەی ســـەلماندووە کە و ز ە یە کـــی هونەری زۆر لـــە ناخـــی ئـــەم کچەدا پە نگـــی خواردۆتـــەوە و خەریکـــە هێـــواش هێواش دەردەکەوێـــت و گۆ را نییە کا نـــی دەنگ و سەدایەکی زۆریـــان لەنـــاو جەماوەردا هەبووە و ئێســـتاش بەردەوامە، دەتوانین بڵێین لۆرین تـــا رادەیەکی زۆر خـــاوەن ســـتایلێکی تایبەت بـــە خۆیەتی، هەرچەندە ئـــەو دەڵێ خۆم بە ستایلی تایبەت نابەســـتمەوە، لۆرین لەم گفتوگۆیەکدا بەم شێوەیە وەڵامـــی پرســـیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** چۆن توانیوتە هاوســـەنگییەك دروست بکەی بۆ دابەشکردنی کاتەکەت لەنێوان کاری هونەری و کاری رۆژانـــە بەتایبەتی دوای ئەوەی ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە؟**

- ئەگەر مرۆڤ مەبەســـتی بێت، ئەوا دەتوانێت ئەم هاوســـەنگییە دروســـت بکات، هەرچەندە تا رادەیەکـــی زۆر زەحمەتـــە و دەبێ هەندێك کار ئەنجام بدات لەسەر حسابی کاری تر کە ئەمەش لەوانەیە زۆرجار زیانی هەبێت بۆ هونەرمەند، بۆیە دروستکردنی ئەم هاوسەنگییە زۆر پێویستە تاکو کارە هونەرییەکەی خۆی پشتگوێ نەخات.

*** لە هونەرمەندانی رۆژئاوای کوردستان کامیان زیاتر کاریگەریان لەسەر تۆ هەبووە؟**

- بـــۆ هونەرمەندێکی وەك من کە ئێســـتا دوور لـــە وڵات لـــە ئەوروپا و لە غوربەتـــی دەژیم و نەمتوانیوە لەو شـــوێنە بژیم کە لێی هاتوومەتە سەر دنیا، بێگومان هەموو دەنگەکان کاریگەریان بەسەرییەوە هەبێت جا لە رووی کەسایەتییەوە بێت یان گوێگرتن یان لەرووی ستایلەوە بێت، هەڵبەت کەســـێکی تایبەت و دیاریکراو نییە یان یەکێك مـــن ئاواتم بووبێت بگەم بە ئاســـتی ئەو، بەڵام وەك هەر کەسێك کە لە قامیشلۆ دەژیت گوێم لە محەمەد شێخۆ و شڤان پەروەر و ئارام دیگران و عایشە شان و جوان حاجۆ دەگرت، پێموایە ئەمانە و چەندانی تر هەر یەکێك بە ئاستێك کاریگەری بەسەر منەوە هەبووە.

*** لە گۆرانییەکانت هەســـت بە جوڵەیەکی زۆر دەکـــرێ، هۆکاری ئەم جوڵـــە بەردەوامە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- منیـــش نازانم هۆکاری ئـــەم جوڵە بەردەوامە چییە، بەڵام هەر هونەرمەندێك لەکاتی گۆرانی گوتندا هەســـتێکی تایبەتی لا دروســـت دەبێت بەتایبەتی ئەگەر مۆسیقای گۆرانییەکە ریتم و ئیقاعـــی تێدا هەبێت، پێموایـــە ئەمە کارێکە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی منـــە و تۆزێك تۆماتیکییە و لەگەڵ مۆســـیقادا دەچمـــە جیهانێکی ترەوە، بۆیە بێئەوەی خۆم بیـــری لێبکەمەوە، جوڵەکان بەشێوەیەکی نۆرماڵ دێن.

*** ئەگـــەر گۆرانییەکی غەریبیـــش بڵێی ئەو جوڵانەت هەر دەبێ؟**

- بەڵێ بێگومان، چونکە هونەرمەند ناتوانێت وەك ستوونێك بوەســـتێت، کاتێك مرۆڤ قسە دەکات جوڵەیەك دەکات. لە گۆرانی گوتنیشدا بە هەمان شێوەیە پێموایە دەنگ تەنیا لە قورگ دەرناچێت، بەڵکو هەموو لەش بەشدارە لە دەرکردنی دەنگ،

# گۆرانی کار لە هونەری کوردی ناکات

ئەگەر گۆرانییەکە غەمگین بێت لەوانەیە هونەرمەند تەنیا جوڵەی دەستی هەبێت نەك وەك ئەوەی لەگەڵ ئیقاعدا دەیكات.

*** پێکهێنانی ژیانی هاوسەری کاریگەری سلبی نابێت لەسەر ژیانی هونەری کچە هونەرمەندە کوردەکان؟**

- پرسیارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە ناتوانم بەناوی هەموو کچە هونەرمەندانەوە قسە بکەم، هەروەها ئەو شوێنەی هونەرمەند لێی دەژیت ئەویش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو مەسەلەیە، بۆ نموونە بۆ کەسێك کە لەئەوروپا دەژیت رەنگە بەو شێوەیە نەبێت و هیچ جیاوازییەك بەدی نەکرێت، بەڵام لەوانەیە لەناوچەی تر بەو شێوەیە نەبێت و هونەرمەند بە چەند کۆت و بەندێك ببەسترێتەوە، بۆخۆم سەبارەت بەم مەسەلەیەوە تا ئێستا هیچ جیاوازییەکم نەبینیوە.

*** جیابوونەوەی هەندێك لە هونەرمەندان بەتایبەتی ئافرەتان لە هاوسەرەکانیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمەش تا رادەیەك زەحمەتە، چونکە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکداین کە ئافرەت زیاتر ئەرکی ماڵەوەی لەسەر شانە، بۆیە هەوڵ دەدات لە بەڕێوەبردنی ماڵەوە و لە کاری هونەریشدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام ناتوانین بڵێین هەڵەکە تەنیا لە کۆمەڵگەکەدایە، بەڵکو مرۆڤ خۆیشی کەمتەرخەمە. ئەگەر مرۆڤ بە جددی بیر بکاتەوە و هونەر بەشتێکی گرنگ و پیرۆز بزانێت لە ژیانی خۆیدا، پێویستە بەردەوام بیت لەسەری. بتەوێ و نەتەوێ سیستەمی ژیان وایە هەندێك شت هەیە لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤە.

*** لۆرین (بیری) کێ دەکات؟**

- هەر کەس و شتێك شیرین بێت لەبەر دڵم بیری دەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی دایك باوکم لێرە لە سوید نین و لەگەڵیان ناژیم هەمیشە بیریان دەکەم، هەروەها ئەگەر هاوسەرەکەم لێم دووربێت بیری دەکەم و هەمیشە هەندێك شت هەن بیریان دەکەم.

*** دایك و باوکت لەکوێ دەژین؟**

- ئەوان لە قامیشلۆ دەژین، بەڵام ماوە ماوە سەردانمان دەکەن و دێن بۆ سوید.

*** ئەگەر ئێستا لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بوای ئایا کاری هونەری زیاترت پێشکەش نەدەکرد؟**

- بێگومان لە کوردستان دەرفەتی زیاترم بۆ دەڕەخسا بۆ پێشکەشکردنی زیاتر، لە کوردستان هونەرمەند نزیکە لە گوێگرانی خۆی، کاتێك تۆ لە دەرەوەی وڵات بژی وەك هەر کەسێکی ئاسایی پێویستت بەوە هەیە کارێك بکەی، بەداخەوە لەبەرگەی کاری هونەریش ناتوانی ژیانی خۆت دابین بکەی، هەروەها دوورکەوتنەوە لە کوردستان وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد کاریگەری خۆی هەیە، بۆیە لە هەر پارچەیەکی کوردستان بوام زیاتر نزیکی ئەو کەسانە دەبووم کە لەزمانی هونەر و مۆسیقاکەی من تێدەگەن.







*** هەندێك لە هونەرمەندانی کوردستان ئەوانەی لە دەرەوە دەژین گلەیی ئەوەیان هەیە کە دەسەڵات و حکومەتی کوردی وەك پێویست هاوکارییان ناکات، تۆ چی دەڵێی؟**

- ئاگاداری ئەوە نیم کە گلەیی تایبەتییان هەبێت، بەڵام پێموانییە کاری حکومەت هاوکاری کردنی هونەرمەندان بێت، رەنگە حکومەت هاوکاری هونەرمەندان بکات بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە پاراستنی مافی هونەرمەندان و بەڕێوەبردنی زیاتری کاری هونەری و پێشخستنی، وەك هاریکاری ماددیش پێموایە گلەیی کردن لەم بوارەوە لە حکومەت گلەییەکی لەجێ نییە، ئەگەر هاریکاریش پێویست بێت، ئەوا دەبێ پێشکەش بە هونەرمەندانی ناوەوەی کوردستان بکرێت نەك ئەوانەی لە دەرەوە دەژین، هاریکاری کردنی هونەرمەندان لەلایەن حکومەت و کۆمەڵگەوە ئەوەیە کە مافی بەرهەمی هونەرمەندان بپارێزرێ و زیاتر چاودێرییان بکەن یاخود شانۆ و هۆڵی تایبەت ئامادە بکرێ، دژی هاریکاری کردنی ماددی هونەرمەندانم.

*** کەواتە تۆ پێتوایە پاراستنی مافی هونەرمەندان باشترە لە هاوکاری کردنیان؟**

- بێگومان ئەمە زۆر باشترە، رەنگە زۆر لە هونەرمەندان ئێستا بە تەواوی درك بەو راستییە نەکەن و بەو شێوەیە بیر نەکەنەوە، بەڵام دوای دە ساڵی دیکە ئەم راستییە بە تەواوی روون دەبێتەوە، مخابن نەك تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە رۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی مەسەلەی کۆپی کردن و نەپاراستنی مافی هونەرمەندان زۆر باوە و کوردستان لە زۆر وڵاتی دیکە باشترە.

*** ئایا تۆ خاوەن ستایلێکی تایبەتی کە پێی بناسرێیتەوە؟**

- دیارە هونەرمەندیش وەك هەر شتێکی زیندوو هەمیشە لەسەر یەك ئاراستە نەڕوات، بەڵکو بەپێی پێویست و کات، بۆ نموونە لەوانەیە ئەمڕۆ پێویستم بە ستایلێکی تایبەت بێت و گۆرانی پێ بڵێم، بەڵام لەوانەیە بۆ دواڕۆژ پێویستم بە ستایلێکی نوێ هەبێت، وەك هەندێك کەس وا بیر دەکەنەوە رەنگە ئەمڕۆ ئەو ستایلەی من گۆرانی پێ دەڵێم نوێکاری پێوە دیار بێت یان نزیك بێت لە پۆپ و ریتمی خێرا، بەڵام نامەوێ خۆم بە ستایلێکی دیاریکراوەوە ببەستمەوە، بۆیە ئاساییە ئەگەر بەیانی شتێك بە ستایلێکی نوێی جیاواز بڵێم.

*** ئێستا هەندێك لە گۆرانیبێژان هەن سەما کردن بووەتە بەشێك لە گۆرانییەکانیان، ئەم دیاردەیە چۆن دەبینی؟**

- سەما کردن لەگەڵ گۆرانی فۆلکلۆری کوردی تا رادەیەك زەحمەتە، لەوانەیە لەگەڵ پۆپ و رۆك و ئەو جۆرە هونەرانە سەما کردن ئاسایی بێت، چونکە هێشتا خەڵك فێر نەبووە و پێی ئاشنا نین، بۆیە باوەڕ ناکەم کاریگەرییەکی زۆری هەبێت لەسەر هونەری کوردی، گۆرانی فۆلکلۆری کوردی زۆر ئاساییە شایی و هەڵپەرکێی کوردەواری لەگەڵدا ئەنجام بدرێت، نەك سەما کردن.